ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**شمشێر {1} ، ( فۆتۆشۆپ ) ....**

نووسەر: @:

ئایا شمشێرەکەی سامورای (Samurai) تان دیووە؟ ئەی فیلمەکەی؟! ئەی ئەڵێن چی ببینە خاوەنی ئەو شمشێرە تەنها بە وێنە لە ڕێگای پرۆگرامی باڵابەرزی وەک فۆتۆشۆپ .

1.پەڕەیەکی نوێ بکەرەوە بە بەرزی 500 و پانی 500 :




2.لە لیستەی ئامرازەکاندا ئامرازی دیاری کردنی لاکێشەیی هەڵبژێرە و لاکێشەیەکی ستوونی وەک ئەوەی لە وێنەکەدا دیارە بکێشە :




3. پاشان بە ئامڕازی ڕەنگ کردن ڕەنگی بکە :




4. ئامرازی دیاری کردنی بازنەیی هەڵبژێرە و شێوەیەکی هێلکەیی وەک ئەم وێنەیە بکێشە :



5. لە لیستەی Select >> Inverse هەڵبژێرە یان Shift + Ctrl + i دابگرە لەسەر تەختە کلیلەکەت (ئەمە بۆ د یاری کرد نی هەموو چوارچێوەی وێنەکە) ، پاشان دوگمەی ALT دابگرە و لەهەمان کاتدا بە ئامرازی دیاری کردنی لاکێشەیی لە خوارەوەی وێنەکە لاکێشەیەک ڕابکێشە تاوەکو دەگەیتە ناوەڕاستی شێوە هێلکەییەکە، وەک وێنەکە :




6. دوایی دەست بنێ بە دووگمەی DELETE لەسەر تەختە کلیلەکەت ، وەک لە وێنەکەدا دیارە نووکی شمشێرەکەمان درووست کرد :



7. ئێستا Ctrl + D دابگره بۆ لابردنی دیاری کردنەکە .

8. لە لیستەی Filter >> Distort >> Shear هەڵبژێره ، ئەم پەنجەرەیەت بۆ دەکرێتەوە و کەمێک ئەو هێڵە بچەمێنەوە وەک لە وێنەکەدا دیاره و پاشان OK بکە:




9. بە ئامرازی جوولاّن ( move tool ) ئەوەی کێشاومانە بە شێوەی ئاسۆیی دای بنێ :




10. بە ئامرازی دیاریکردنی لاکێشەیی لاکێشەیەک بکێشە لە کۆتایی دوایی شمشێرەکە :




11. پاشان دووگمەی DELETE دابگرە :



12. دوایی ئەمانە چینێکی نوێ درووست بکە :




13. بە ئامرازی دیاری کردنی لاکێشەیی لاکێشەیەک بکێشە وەک وێنەکە و پاشان ڕەنگی بکە :




14. دووباره چینێکی نوێ درووست بکه و به هه‌مان ئامڕاز لاکێشه‌یه‌کی وه‌ک وێنه‌که‌ی پیشاندراوه بکێشه و هه‌روه‌ها ڕه‌نگی بکه ( B9B9B9 ) :




15. چینێکی نوێ درووست بکە و بە ئامرازی دیاری کردنی لاکێشەیی لاکێشەیەکی بچووک بکێشە کە دەبێت کۆتایی شمشێرەکە ، پاشان ڕەنگی ڕەشی بکە :




بەم شێوەیە لە درووست کردنی شمشێرەکە بووینەوە .

بەشی دووهەم >>

کـــــــــــۆتـــــــــــایـــــــــی

Oct 2005 31

**Chin Up Snoring Remedy**
**Provides support for the chin Promotes nasal breathing**

**Tighten Sagging Skin**
**30 Minute Face Lift! No Wrinkles Or Slack Skin. Retain Youthful Skin**

Ads by Google